www.kurdistannet.org
11-9-02 00:10:17

## بانگەواز لە پێناو تێکدانی کونفرانسی پاراستنی رژێمی عیراق لە ئەڵمانیا

**جەماوەری بە شەرەفی گەلەکەمان**

**پارت و رێکخراوە کوردستانیەکان**

**ئوپوزسیونی عیراقی**

**رێکخراوەکانی مافی مرۆڤ و مرۆڤدۆستەکانی جیهانی**

**لەم رۆژە ناسک و دیرۆکیانەدا، چەند رێکخراوێکی ناشارەزا و بەهەڵەداچوو بەهاوکاری چەند کەسانێکی گومانلێکراو کە پەیوەندی راستەوخۆیان لە گەڵ رژێمی عیراق هەیە لەوانە ریاد ئەلدەباغ سەرۆکی زانکۆی موسل، ئەلهاشمی باڵیوزی پێشووی عیراق لە فەرەنسا و عەزیز ئەلقەزاز کە بەرپرسیاری رۆژئاوابوەکانی عیراقی یە لە ئەڵمانیا، بریاریان داوە کونفرانسێک لە شاری بەرلین پایتەختی ئەڵمانیا ببەستن لە بەرواری ١و٢ ی مانگی ١١، لە ژێر ناوی (عیراق و هەڵبژێردەیەک بۆ ئابلۆقە و شەر).**

**ئێمە لە کەمپینی ئەنفال و هەڵەبجە ئەم کونفرانسە بە هەوڵێک بۆ پاراستن و مانەوەی رژێمی فاشی عیراق لە سەر وەسەڵات دایدەنێین نەک بۆ لابردنی ئابلۆقە و نەهێلانی شەر، چونکە خودی رژێمە نایەوێت ئابلۆقەی ئابووری لە سەری لاببرێن بە شاردنەوە و دروستکردنی چەکی کۆکوژ و هاوکاری نەکردنی لە گەڵ نەتەوەیەکگرتوەکان.تەنیا هەڵبژێردەیەک و هاوکاریەک بۆ گەلی عیراق هەیە ئەویش نەمانی رژێمە لە سەر دەسەڵات.ئێمە دەبینین لە گەڵ هەبوونی ئابلۆقەی ئابووری لە سەر عیراق، رژێم نزیکبۆتەوە لە دروستکردنی چەکی ئەتومی.ئەگەر ئابلۆقەی ئابووری لە سەر لاببرێ چی دەکات! رژێمێک کە دەست ناپارێزێ لە بە کارهێنانی هەر جۆرە چەکێک لە بەردەستیدا بێت، شاڵا وەکانی ئەنفال و کارەساتی هەڵەبجە باشترین بەڵگەن.**

**بۆیە داوا لە پارت و رێکخراوە کوردستانیەکان و ئوپوزسیونی عیراقی و رێکخراوەکانی مافی مرۆڤ و مرۆڤدۆستەکانی جیهان دەکەین بەهیچ شێوەیەک بەشدارنەبن لەم کونفرانسەدا و هەر لایەنیک نیازی ئەوەی هەبووبێت بەشداربێ لە کونفرانسی پاراستنی سەددامدا، بە زووترین کات خۆیان بکشیننەوە.هەر وەها داوا لە جەماوەری گەلەکەمان دەکەین دەنگی نارەزایی خۆیان دەرببرن بەرامبەر هەر لایەنێک بەشداربێ لەم کونفرانسەدا.**

**کەمپینی ئەنفال و هەڵەبجە**

**٢٠٠٢-٠٩-١٠**